


# نووسین بە تیشکی ئەستێرە

## (خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی «کەوتنەخوارەوەی مەراق»)

**سەردار قادر**
**(سلێمانی)**

**(٢- ٢)**

لەلاپەڕە (٢٤٦)دا دەڵێت:

**(تۆ بە عەتری تیژ**
**ڕۆژەڕێیەک دەڕوا بۆنت،**
**منیش بەسووتان)!**

بێگومان بیرکردنەوە لە هایکۆیەکی ناسک و جوان، خۆی لەخۆیدا ئەفراندنی فۆرمێکی تری شیعریی سەرکەوتووە. نۆری توانیویەتی لەم هایکۆیەدا پەیامێکی عاشقانە سازبکات، بە فۆرمێکی نوێوە بێتە گۆڕەپانی ئەدەبەوە، بۆیە بە هەموو قووڵایی هەستییەوە دەڵێت: «تۆ بە عەتری تیژت، ڕۆژەڕێیەک بۆنت دەڕوات و منیش بە سووتان». لێرەدا ئاڵای سەرکەوتنی لە ئاسمانی ئەدەب و وێژەدا دەشەکێتەوە. وەک شاعیرێکی دڵسپی دێتە گۆ و مەعشووقەکەی بە هەوەڵ وەنەوشەی بەهار دەچوێنێت، ئیدی لە جیهانبینیی خۆیدا یار بۆنی گوڵی باخان و دارستانی لێ دەتکێت. خۆیشی جگە لە سووتان و بۆنی چەرەدووکەڵی دڵی کەبابی، هیچی تر نییە! دڵنیام نۆری وەک شاعیرێکی ڕچەشکێن، گەشانەوە و بۆنی پەرچەمی یاری قبووڵە، بۆیە وەک کەسێکی قاڵبووی ژیان دەڵێت: یار هێندە بۆنی خۆشە، «وەک مێخەکبەن دەڕوا بۆنی.»

بە دەرکەوتنی یار، هەست دەکات لە گشت لایەکەوە بۆنی عەترێکی تیژ دێ!

ئەم عەترە- با- دەبیات و سروە دەبیات و شەماڵ دەبیا و وەک بۆنی شەکرەکچێک، بە شەو و بە ڕۆژ، کۆڵان بە کۆڵان و شەقام بە شەقامەکانی شار، لە بۆنی ئەگریجە و پەرچەم سیخناخ دەکات، بۆنێک؛ خۆشتر لە بۆنی نێرگسەجاڕێکی بەرهەتاوی نیسان، بۆنێک؛ مەستانەتر لە گوڵە شەوبۆی بەر مانگەشەوی جۆزەردان.

تەنانـەت هەمـوو دڵێـک، لـە سـایەی ئـەم عەتـرەدا، هەسـت بـە نوێبوونـەوەی ژیـان دەکات، بـەڵام جگـە لـە تۆڕێـی دڵسـووتاو، کە پەروانەئاسا بۆکـڕووزی فرسـەخێک ڕێ دەڕوات، بـە نـاو دڵـی شـەودا گـوزەردەکات!

لە هایکۆی لاپەڕە (٢٥١)دا دەڵێت:

**(بەیانیان**

**خوناوت لێ دەچۆڕێ و**

**منیش خوێناو)!**

شـاعیر لـەم هایکۆیـەدا؛ بەشـێوەی پارادۆکـس هەسـتی خـۆی دەردەبڕێـت، واتـە بـە شـێوەیەکی دژوازی، بـە دژوارییـەوە لـە قووڵایـی ڕوحییـەوە هـاوار دەکات، هاوارێـک؛ لە توخمی هەورەتریشقە. هاوارێـک لـە زرنگانـەوەی ناقـووس لـە نـاو-بـا-دا، تـا مەعشـووقەکەی تـێ بگەیەنێـت، لەنێـوان ئـەو و خۆیـدا چ جیاوازییەکـی دژبەیـەک هەیـە.

ئەگـەر بوخچـەی دڵـی هـەر عاشـقێک بکەینـەوە، دەبینیـن لێوانلێـوە لـە هەسـتی خۆشەویسـتی و ئەویـن، مەراقێـک بەسـەختی هانـی دەدات، هەرچـی لـە دڵدایـە هەڵیڕێژێـت، هـەر بۆیـە لـەم هایکۆیـەدا، تـۆڕێ سـەرنج لەسـەر ئـەوە هەڵدەچنێـت کـە مەعشووقەکەی هێنـدە تـەڕ و لەبارە، وەک ئاونگـی بەیانیـان، هێشـوو هێشـوو بریسـکەی لـێ دەڕژێـت، یـان وەک شـەونمی شـەو پڕپـڕە لـە ئەفسـوونی جوانـی و ناسـکی و مەسـتبوون، بـەڵام بـە پێچەوانـەی خۆیـەوە کـە خوێنـاو لەبـەری دەڕوات! ئـای لـەم هایکۆیـە! تـۆڕێ چ پارادۆکسـێکی جوانـی ئەفرانـدووە!؟ ئاخـر خونـاو لەکـوێ و خوێنـاو لەکـوێ؟! دیـارە شـاعیر دەیـەوێ بڵـێ:

خوناوێـک لـە بـاران تۆیـت، ئـەی یـار، خوناوێـک کـە پڕپـڕە لـە نۆتـەی مۆسـیقا، پڕپـڕە لـە سـترانی ڕێژنەبارانی بەهـار. پڕپـڕە لـە نوێـژی شـەونم و گـەڵا، بـەڵام لەولاشـەوە بـە یـار دەڵـێ: ئەفسـووس، ئـەوە تـۆی کـە بـێ ئاگای لـەو عەشـقە بەتینـەی بـووە بـە سـوورایی خوێنـم. لـە هـەر ترپەیەکـدا، جۆگەلەیـەک خوێنـاوم لەبـەر دەڕوات، بـەڵام لێگەڕێن با من دەسـتی ئـەم ئازارانـە بگـرم و بـڕۆم و بـە نـاو دەیجـووردا تێپـەڕم. ئەویـش تەنیا لەپێنـاو قاقـا و پێکەنینـی تـۆدا، سـەر و گیانـم دابنێـم، چونکـە عاشـقبوون و شـاعیری، جگـە لـە هەنسک و هەناسـەی سـارد، چـی بـۆ دەمێنێتـەوە؟! عەشـق؛ واتـە دەردەدڵ لەگـەڵ سـووتان، لەگـەڵ چاوەڕوانـی، لەگـەڵ ئەوەشـدا، هێشـتا دڵخۆشـم بـەوەی هەمـوو سـاتێ دەلاقـەی چاوەکانـم بـەرەو ئاسمانی جوانیت واڵادەکـەم، بـەڵام ئازیـز، هەرچەنـد لێـت دوورم، جوانییەکـەت لەگـەڵ سـووڕی خوێنـی لەشمدا، کۆپییەکـی عەشقی تۆیـە و تەنیـا خوێنـاوی لێدەچۆڕێتـەوە!

**(گوڵبەدەمن،**

**گوڵاو لە زاریان دەتکێ؛**

**کچانی سنە)!**

ئەگـەر ئـەو خوێنـەرەی هەتـا ئێسـتا لـە جوانـی و ئەفسـوونی شـیعری هایکۆ نەگەیشـتبێ، ئەوە دڵنیام بـە خوێندنـەوەی ئـەم پۆلـە وشـانە لـە هایکـۆدا، لـە خـەوی قـووڵ ڕادەچەنـێ و هەسـت بـە خوێندنـەوەی هـەر دەقێکـی هایکـۆ دەکات، دڵـی فێنـک فێنـک دەبێتـەوە، پاشـان لەگەڵ کتێبـی «کەوتنەخوارەوەی مـەراق»دا بڕیـار دەدات پێوەندییەکـی گەرموگـوڕ ببەسـتێت، یـان بەجۆرێـک ئالـوودەی هایکـۆ بێـت، خۆشـی بخاتـە گـرۆگاڵ، ئەوسـا دەستوپەنجە لەگەڵ ئـەو ژانـرەدا نـەرم بـکات، تـا جوانتریـن هایکـۆ بنووسـێت و بخوڵقێنێـت، ئیـدی لەگـەڵ هایکـۆ بەجۆرێـک ببنـە ئاشـنای یەکتـری، وەک دوو هاوڕێـی گیانـی بـە گیانـی بن و یەکتریـان خـۆش بوێـت، یـان هیـچ نەبێـت چـاو لـە «تـۆڕێ» بـکات.. سـرکێتی و سـێڵاوی هـۆش بناسـێت، شـەیدایانە ئـاگای لـە جیاوازیـی تـاک دەنگـی و چەنـد دەنگێکـی دەق بێـت، زۆر بەسـەلیقەوە شـارەزای مۆسـیقای دەروونـی و دەرەکـی شـیعری هایکـۆ بێـت. ژیرانـە گەمـە و دەستبازیی زمانـی زۆر بـە جوانـی دەرک پـێ بـکات.

شاعیر لە هایکۆی لاپەڕە (٢٦٦)دا دەفەرموێ:

**(گوڵبەدەمن،**
**گوڵاو لە زاریان دەتکێ؛**
**کچانی سنە)!**

وەک چۆن هەڵەبجە کەشکۆڵێکە پڕ لە یادەوەری و پێکەنینی هەنار، وەک چۆن سنە تەواوی چیرۆکی عەشقی کچانی شاری لە هەناوی خۆیدا حەشارداوە، وەک چۆن کۆبانێ بە هەلهەلە و تریقە و قاقای سەرکەوتن ناسراوە، وەک چۆن ڕانیە بە نیشتمانی نەورەسەکان ناسراوە، یان قاهیرە بە ئەهرام و پاریس بە بورجی ئیڤڵ ناسراوە، «نۆڕێ» دێ سەرکێشانە هەناوی ئەو دیرۆکە هەڵدەداتەوە، بە گەردوون دەڵێ: (گوڵاو لە زاریان دەتکێ؛ کچانی سنە!) کەواتە کچانی سنە وەک کچانی پاریس فەلسەفەی ماچ و باوەش دەزانن، بە زمانی گوڵ دەدوێن و گوڵاو دەتکێنن، بۆیە نۆڕێ وەک سیمبۆل ناسنامەی کچانی سنە لە قەڵەم دەدات. دیارە لە خۆڕا نییە «نۆڕێ» بەم جۆرە دێتە زمان، بە پەیڤی شیرینیان و نەرمونیانی گفتوگۆیان، بە شەهدی شەکری لێوی کچانی سنە، سەرسام و حەیران بووە.

پێ دەچێت ئەوان لەجیاتی قسەکردنی ئاسایی، گۆرانی و ئاواز لە زاریان بتکێ، ئەوەتا دەبینین «نۆڕێ» وەک قەڵەمێکی بە بڕشت و کاریگەر، بە هەستێکی پاک و بێگەردەوە، لە گۆڕەپانی هایکۆ و ئەدەبدا، ئەسپی حەز و تاسە و کۆششی تاودەدات و بەردەوامە لە نووسینی شیعر و داهێنانی نوێ لە هایکۆدا. بە بیرێکی بەرزەوە پڕ لە چریکەی مۆسیقا، بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لە قووڵترین کانگای حەز و خۆشەویستییەوە، فەرهەنگی خاک و خەڵک و ئەوینی کیژانی کورد، بە گوێچکەی جیهان دەگەیەنێت.

دیارە «نۆڕێ» لە هاوینی ساڵی ٢٠١٨دا بە مەبەستی بەشداربوون لە پێشانگەیەکی هونەری شێوەکاریدا، سەردانی «شاری سنە»ی کردووە و لەگەڵ گەورە هونەرمەندانی ئەو شارەدا ماوەی هەفتەیەک سەردانی شوێنە جیاجیانی شارەکەی کردووە و لەگەڵ خەڵکی شارەکەشدا «سنە» گفتوگۆیان هەبووە.

لە هایکۆی لاپەڕە (٢٩١)دا دەڵێت:

**(ئۆخەی**
**هێشتا ژیان جێی دڵخۆشییە**
**قۆڵم لە قۆڵی کووپێکە)!**

باشترین دۆخی مرۆڤ، ئەو کاتەیە کە هەست بە بەختەوەری خۆی دەکات، پارچەکانی ڕۆحی خۆی بە خەندەوە کۆ دەکاتەوە، موچڕکی ئۆخەی کە لەو سەری دەروونەوە وەک تەزوویەک بۆ دەمارەکانی خوێنی دەنێرێت، ئیدی تەواوی جەستە پێت دەڵێت: تۆ ئێستا دڵخۆشترین بوونەوەری سەر زەویت، ئیتر هەنگاوەکانت و لێدانی دڵ و ئاماژە و جووڵەکانت، وشە و دەربڕینەکانت، نیگاکانت بەهێزتر دەبن.

کاتێک لێت دەپرسن: چی ڕووی داوە؟ کە بەم جۆرە دڵت خۆشە! ئەوسا بە دەنگێکی زۆر نەرم و خۆش دەڵێیت: ژیان بەو جۆرەش سەخت و ئاڵۆز نییە، وەک هەندێ کەس دەیڵێن، ئەوەتا من ئەمڕۆ قۆڵم لە قۆڵی کووپێکە.

(نۆڕێ)یش؛ یەکێکە لەو مرۆڤە دڵسپییانەی کە بەو هەموو ئازارانەی ژیانەوە ماندوو نەبووە، کەچی هێشتا ئەو زیاتر توانایی دەربڕینی ئازارەکانی بۆ ژیان هەیە، چونکە لە مێژەوە تەواوی جەستە و زمان و ڕۆحی خۆی ئازاد کردووە.

کاتێک کە کووپێک چا، یان قاوە بە ئاسوودەیی نۆش دەکا، خۆشییەک سەرتاپا هەموو بوونی داگیر دەکات و ئیدی بێ باکە لە گشت تەنگژەکانی ژیان، لە دڵەوە بزە دەکەوێتە سەر لێوەکانی. بەجۆرێک خۆی نیشان دەدا، وەک بڵێی هیچ ڕووی نەدابێت، پاشان دێ بە چەند وشەیەکی ئاوریشمین لێوان لێو لە خۆزگە و ئۆخەی، هەرچی دڵەڕاوکێ و

گومـان هەیـە، لـە خـۆی دووریـان دەخاتـەوە.
لە لاپەڕە (٢٩٧)دا دەڵێت:

**(شاخی دوو کەڵەئاسک،**
**چوونەتەیەکدا و جیانابنەوە؛**
**پەنجەکانمان)!**

شاعیری هایکۆنووس لەم هایکۆیەدا، بە دڵێکی پڕ لـە هەست و خەیاڵێکی ناسک و جوانـەوە، چوونەناویەکـی پەنجـەکان، بـە چوونەناویەکـی شاخی دوو کەڵەئاسک وێنا دەکات، دەست لەناو دەستی دوو دڵـدار، لـە نێـوان کـچ و کوڕێکـدا، تاکە هێمای خۆشەویستی و ئەوینی نێوان ئـەو دووانەیـە کـە بـە هەستێکی ئەویندارانـەوە، چێـژ و لـەزەت بـە ڕۆحـی یەکتـری دەدەن. ئـەم چێـژە هـەر لە دەستگوشینەوە، تـا هەڵکێشانی هەناسە و ترپـەی دڵ، لەگـەڵ هـەر هەنگاوێکـدا ئارامـە، بەڵێـن بـۆ یەکتـر دووبـارە دەکەنـەوە، تـا مردن هی یـەک بن، هـەر بۆیـە وێنـە و خەیـاڵ لـە دووتوێی ئـەم هایکۆیـەدا، دەبنـە بەرهەمێکـی ڕۆمانتیکـی سرت و بـە ئاگا و وروژێنـەر، لەبـەر ئـەوە لەناو هـزری هایکۆنـووس/ شـاعیردا، شـاباڵی خەیـاڵ دەگاتـە لای زێدی دوو کەڵەئاسک، کـە شـاخیان چووەبەیەکدا. ئـەم دیمەنـە سروشتییەش بووەتـە ئیلهامێکی زۆر و تابلۆیەکی زۆر جوان و نـاوازەی بـە چاوەکانـی شـاعیر/ هایکیسـت بەخشـیوە. ئاشـکرایە «نـۆڕێ» زۆر بـەوردی سـەرنجی داوە، بۆیـە بەسـەلیقەوە، بـە فۆتـۆی چاوەکانـی هەمـان مانـا و وێنـە هەڵدەگرێتـەوە کـە خـۆی پێـی سەرسـام بـووە، پاشـان لـە سـەر تیشـکی ئـەو دیمەنـە سەرنجڕاکێشـە، ئەزمـوون وەردەگرێـت. چوونەناویەکـی پەنجەکانـی بـۆ جیاناکرێتـەوە، لـە چوونەناویەکـی شاخی دوو کەڵەئاسک، لـە کاتـی یـاری و دەسـتبازیکردندا.
لە لاپەڕە (١٤٨)دا دەڵێت:

**(فرمێسکی دارە**
**دەکەوێتە جۆگەلەوە،**
**گەڵای وەریو)!**

بیرکردنـەوە لـە فرمێسـک و گریانـی دار و درەخـت، هـەزار پلـە لـە سـەرووی ئەندێشـەکانی مرۆڤایەتییەوەیـە، وەک چـۆن «ژەنەڕاڵـی پاییـز» بـۆ مەرگـی گەڵایـەک، دەریایـەک ئەشـکی سووری ڕشـت، ئاخـۆ دەبـێ «نۆڕێ»یـش بـۆ فرمێسـکی هـەزاران منداڵانـی برسـی و هەتیـو، بەدزییـەوە چەنـد فرمێسـکی ڕشـتبێت!
دەکـرێ دارەکانیـش وەک مـرۆڤ هەسـتیان هەبێـت، وەک چـۆن فرمێسـک برینـی ڕۆحـی مرۆڤـە، پـێ دەچێـت وەرینـی هـەر گەڵایەکیـش لای نـۆڕێ، فرمێسـکی ئاڵتوونیـی خـۆی هەبێـت.
بـە بۆچوونی منیـش، هـەر تەنیا مـرۆڤ ناگری، بەڵـکوو مـۆم و مانـگ، تەنانـەت ئاژەڵەکانیـش دەگریـن، گەلـێ جـار فرمێسـکی گەشـیان بـۆ ئازارەکانـی خۆیـان ڕشـتووە.
هەرچەنـدە فرمێسـک وەک شمشـاڵ و میوزیـک هیـچ ئاوازێکیـان نییـە، بـەڵام هەنـدێ جـار بـە شـێوەی باوەشـێک گەڵاڕێـزان ڕوودەکەنـە بـاخ و دارسـتان. هەنـدێ جاریـش وەک گوژمەیـەک خـەم ڕوودەکەنـە پێڵـووی چـاوەکان، بـەڵام نـۆڕێ پێمـان دەڵێـت فرمێسـکەکان جیاوازییـان هەیـە. بـۆ نموونـە؛ ئـەو فرمێسـکەی دایکـی شـەهیدێک دەیڕێژێـت، هـەر دڵۆپێکـی بکەوێتە سـەر کۆشـی خاکێکـی تینوو، ئەوە یـەک پارچـە دەیـکات بـە گوڵسـتان و نیشـتمانێکی هەمیشـە بەهـار. بـە کورتـی و بەکـوردی؛ نـۆڕێ دەیـەوێ لـەم هایکۆیـەدا پێناسـەیەکی زۆر جوان بـۆ فرمێسـک بـکات، پێناسـەیەک؛ وەک هەناسـەکانی «ژەنەڕاڵـی پاییـز» کـە چەنـد لـە خەمـی وەرینـی گـەڵا و چرۆکانـدا بـووە. نـۆڕێ دەیەوێـت نهێنـی ئـەو چیرۆکـە حەشـاردراوانە بدۆزێتـەوە و بـە گشت مرۆڤایەتـی بڵێـت: نـەک دار، بەڵکوو بەردیش هەستی هەیـە، دارەکان هەسـتیان هەیـە، ئەوانیش وەک ئێمـە دەگریـن. نـۆڕێ وەک ژەنـەڕاڵ ڕێـگا بـە پاییـز نـادات، دارەکان بخاتـە شـین و گریـان، بۆیـە وەک مرۆڤێکـی

میهرەبان دێت و بە دەستی خۆی فرمێسکی گشت دارەکان دەسڕێتەوە. دووبارە موژدەی سەوزبوونیان پێڕادەگەیەنێت، کەواتە «نۆڕێ» ئەگەر وەک «ژەنەڕاڵی پاییز» خەمی فرمێسکی گەڵا و دارەکانی بێت، ئەی دەبێ بپرسین: تا چەند لە خەمی فرمێسکی مرۆڤایەتیدا بێت؟

بۆیە هەورئاسا.. ئاسمانێک پەپوولە بەفری زیوین لە چاوە گەشەکانیدا، بۆ فرمێسکی منداڵێکی برسی و بێ دایک دەبارێنێت.

نۆڕێ باش دەزانێ مرۆڤ ڕۆژانە چەندان گەڵای ئاواتی بە داری ژیانەوە هەڵدەوەرێت. چەندان گەواڵە هەوری چاوەڕوانی، فرمێسکی خوێنینی لێ دەبارێت، بەڵام کەسێک شک نابات وەک خۆی فرمێسکی دارەکان بسڕێتەوە و دڵنەواییان بکات، بە چەند کۆپلە شیعرێک، یان هایکۆیەک!

**(پرسەی پایزە،**
**دانیشتووم بەدیار شیعرەوە؛**
**شەوی یەڵدا)!**

بە خوێندنەوەی ئەم هایکۆیە، دەکرێ زۆر لە جوانییەکانی سروشت و پاییز بکرێ بە کورتەفیلمێک، یان تابلۆیەکی جوان، لەسەر پەردەی ژیان نمایشی بکەین، جاری واش هەیە خوێنەر بە خوێندنەوەی هایکۆیەک ژیانێکی تازەتر دەبینێت.

نۆڕێ یەکێکە لەو هایکۆنووسانەی کە ئەدەبیاتی کوردییان بە بیچمێکی نوێترەوە خستە بەردەستی خوێنەرانی کورد و بە شێوەیەکی سیحراوی مامەڵەیان لەگەڵ زمان و دەقدا کردووە، هەرچەندە درەنگ لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپایی و گەلانی تر دەستی پێ کردووە، بەڵام کە دەستی پێ کرد، زۆر تۆکمە و بەبڕشت خۆی دەرخست، لە ڕێگەی دەق و ئەندێشەکانییەوە کاریگەریی زۆری لەسەر سروشت و مرۆ و ئیرۆتیکدا جێ هێشتووە، بەمەش ئەزموونێکی جیاواز بە خوێنەر دەبەخشن. لە «کەوتنەخوارەوەی مەراق»دا، خوێنەر وا هەست دەکا هیچ شتێ بە ئەندازەی دەقی تازە و شیعری نوێ، دڵبزوێن نییە.

**(پرسەی پایزە**
**دانیشتووم بەدیار شیعرەوە؛**
**شەوی یەڵدا)!**

نۆڕێ، چەند شیرین پێمان دەڵێت: پاییز سەوزترین بەهاری عەشقم، ئەمشەو ماڵئاوایی لێ کردم، بۆیە بە دڵێکی مات و غەمگینەوە بۆ ماڵئاوایی دوایەمین شەوی پاییز، پێکەوە لەگەڵ (یەڵدا)، بە دیار تەرمی شیعرەوە دانیشتوون و بەدەم ژانەوە پرسە دەگێڕن، هەریەکە و نیگەران و لێوڕێژن لە دڵتەنگی، بە ئایەتی وشە شین بۆ ڕوخسارە زێڕینییەکەی پاییز دەگێڕێ، ئەفسانەکانی ئەو مۆسیقا بریندارە، مەگەر هەر نۆڕێ بە ژانەوە بیژەنێ. ئەو لەم پرسەیەدا وەک هۆزانڤانێکی دڵشکاو، بە شەوێکی سارددا تێ دەپەڕێت، کەسێ نییە هاوسۆزی بێت، کەچی لەولاشەوە خەڵک جەژن و شادی دەگێڕن، نیگایەک نافەرموێ هاوسۆز و هاوخەمی بێت!...

*** کەوتنەخوارەوەی مەراق، دیوانی هایکۆ، سەردار نۆڕێ، لە بڵاوکراوەکانی وەشانخانەی نووسیار/ کتێبی (ژمارە ٨)، چاپخانەی تاران، ساڵی ٢٠١٩.**

**تێبینی:**

**+ هەموو زانیارییەکانی ئەم نووسینەم لەسەر هایکۆ و مێژووی هایکۆ و نیشتمان و ڕەچەڵەکی هایکۆ و بڵاوبوونەی هایکۆ بە جیهاندا، تا دەگاتە کوردستان و ئەمڕۆی هایکۆی کوردی، لە کتێبی (کەوتنە خوارەی مەراق) وەرگرتوون، چونکە ١٠٠ لاپەڕەی سەرەتای کتێبەکە هەموو ئەو زانیارییانەی تێدایە.**